www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-4-2007 16:35

## مەلا بەختیار دەیەوێت خۆڵەمێشی شەڕی ناوخۆ گەش بکاتەوە! ... ئاری عەلی

ئەگەر قسە بێ فڕەکانی مەلا بەختیار نەبوایە، ئەگەر رستە ترسناکەکانی مەلا بەختیار نەبوایە بەهیچ شێوەیەك لە بەرنامەم نەبوو نوسینێك تەرخان بکەم بۆ ئەم زاتە، بەڵام لەئەنجامی بەرپرسیاریەتیم بۆ ئەم ئەزموونە مەترسیدارە ئەم جارەش مەلا بەختیار ئەم کارەی کرد بە ریشی منا، چونکە ئەو هەمیشە ویستوویەتی لی چاویلکەیەی لێڵەوە رووداوەکان ببینێ و بەپێی بەرژەوەندییەکانی رۆژەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەیەش مامەڵەی کەسی سیاسی نییە.

لە ڤیستیڤاڵی قازی محەمەد، مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی (ی. ن. ك) وەکو قسەبێژی مام جەلال وتارێکی خوێندەوە کە تیایدا زۆر نترِاستگۆیانە رووداوەکانی شرۆڤە کرد کە تیایدا سەرکردەکانی تری دوای قازی محەمەدی بە هیچ کارە و بێ کاریگەری لەسەر بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد وەسف کرد. بەڵام مەلا بەختیار بیری چوویەوە ئەگەر سەرکردەکانی دوایی قازی نەبوونایە و ئاڵای کوردستانیان لە قازی وەرنەگرتایە کە ئەو کاتە لە وەزعیەتێکی خراپدا گوزەری دەکرد، ئێستا نەیدەتوانی لەنێو ڤیلا و پاڵاسەکاندا رۆژ و شەو بکاتەوە، ریزێك مۆنیکا لەدوای خۆی ریز بکات و خاوەنی هەموو شتێك بێت.

کاتێك گوێبیستی ئەو قسەیەی مەلا بەختیار بووم دوو ئەگەر دروست بوو گوتم یان مەلا بەختیار لە سەرەمەرگییەتی و دەیەوێت بە بێ ئیعتیبار کردنی رەمز و سەرکردەکانی بەرامبەرەکەی، بیەوێت کەمێك خۆی زیندوو بکاتەوە کە ئێستا لە قەیراندایە، یاخود ئەو نانی لە شەڕی ناوخۆ و کوشتنی رۆڵەکانی کورد نەخواردووە و دەیەوێت گەنجان دیسانەوە بکاتەوە خۆڵەمێشی شەڕێکی تر، چونکە کاتێك دەیەوێت کە رەمز و سەرکردەکانی پێشتری بێ کاریگەر وەسف کرد، ئەو کاتە هەست و سۆزی هەزارەها گەنجی وەکو منی بریندار کرد کە لەژێر ریباز و بەرنامەی سەرکردەکانی تر پەروەردە بوونە.

لە هەردوو ئەگەریشدا بیرکردنەوەی مەلا بەختیار ترسناکە و پێویستە خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی کورد و خودی مام جەلال لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەن و رێگە نەدەن بەم نەهجە قسە بکات.

بەڵام ئەمە مەلا بەختیار یەکەمین جاری نییە بەم شێوەیە قسە دەکات، هەر چەند مانگێك بەر لە ئێستا لە هەواگۆڕینێکدا بۆ دەرەوەی وڵات بەناوی حکومەتی کوردستان (کە خۆی هیچ کارەیە لەم حکومەتە) چەند لێدوانێکی هەڵە و ناسیاسی پەخش رد کە دوور بوو لە ئەجێندای حکومەتی وردستان وە ئەگەر سەرکردایەتی هەرێم فریای نەکەوتنایە رق و قینەی تیرۆرستانی تووندتر دەکرد بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان.

لە کۆتایدا دەڵێم قسەیەك هەیە کە دەڵێت (مێژوو سەرکەوتووەکان دەنووسێتەوە)، بەڵام کاك مەلا هێشتا خۆی لە قەیراندایە و کەمپ دەیەوێت مێژووی ژەواشە دەرخواردی خەڵك بدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.